وەزارەتی ناوخۆ: ئاسانکارییەکی بەرچاو بە پێدانی ڤیزا بە سەردانکەرانی یادی چلەی ماتەمینی

ئەمڕۆ دووشەممە، وەزارەتی ناوخۆ ئاسانکارییەکی بەرچاوی بە پێدانی ڤیزا بە سەردانکەرانی یادی چلەی ماتەمینی ئیمام حوسێن (درودی خوای لەسەر بێت) ڕاگەیاند، هاوکات ئاماژەی بەوەشکرد، سەردانکەرانی ئێرانی دەتوانن بەبێ ڤیزا ڕاستەوخۆ بێنە ناو عیراق.

عەمید موقداد میری سەرکی بەشی پێوەندی و ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ لەلەدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا کەموتەڕع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: "حکومەتی عێراق کارئاسانی بە هاتنە ناوەوەی سەردانکەران بە بەشداریکردن لە سەردانی چلەی ماتەمینی دابینکردووە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لێگەڵ کەماری ئیسلامی ئێران هەیە، بەپێی ئەو یاداشتە ڕێگە بە سەردانکەرانی ئێرانی دراوە ڕاستەوخۆ بە ئەوەی پێویستیان بە ڤیزای هاتنە ژوورەوە هەبێت بچنە ناو عێراقەوە، بەو پێیەی چوونە ژوورەوە تەنها لە دەروازە سنووریەکان ڕێگەپێدراوە".

میری لە درێژەی قسەکانیدا وتی: سەبارەت بە سەردانکەرانی وەاتانی دیکە، پێویستە ڤیزای ئەلیکترۆنی وەربگرن، کە لە ماوەی 72 کاتژمێردا دوای پێشکێشکردنی داواکاری ڤیزەیان پێدەدرێت.

ئاماژەی بەوەشکردووە، "تێچووی ڤیزاکە بە 55 دۆلار کەمکراوەتەوە، و ڤیزەیەکی ئەلیکترۆنییە کە دەبێت سەردانکەران پێشوەختە داوای بکەن".